# شەمەندنەفەرەکەی سوبحی مەهدی.

ڕحمان غەریب.



ماوەیەکە هەندێ لە ئەندامانی سەرکردایەتی و کادێری حزبی شیوعی کوردستان ، لە لاپەڕەی ڕۆژنامەکان نوسین ولێدوان چاوپێکەوتن سەبارەت بە کۆنگرەی چوارهەمین دەخەنە ڕوو،کە هەنگاوێکی باشە دەبێت دستخۆشی لێبکرێت.

بەلام بە داخەوە هەنێکیان کوتونەتە ناو فکری حازر بەدەست و سادەیی و چەواشەکار،بەشێکیشیان هەر لە ئێستاوە ئەو دیدارو نوسینانە بۆ" ریکلامی هەڵبژاردن" بەکاردێنن، لە کاتێکدا کە لە کۆنگرەکانی حزبی شیوعی هەڵسەنگاندن هەیە و ئەم مافە پارێزراوە.

لە چاوپێکەوتنەکەی ژمارە ( 334) ی ڕووژنامەی هاولاتیدا، هاوڕێ سوبحی مەهدی دەکەوێتە نیۆ خانەی پەلەکردن و خستنە ڕوی فکری حازر بە دەست .

دەبینین بێ قوڵبونەوەو دەرخستنی هۆکاری ڕاستەقینەی دواکەوتنمان لە ئیدارەکردنی ململانێی نێوخۆ وکەمتەرخەمیمان لە ریزگرتنی جیاوازی ، دێن بە شێوازێك باس لە بەڕێوەچونی ژیانی نێوخۆی ئەم حزبە دەکات،کە لە زۆر حەڵەتیدا پاکانە کردن و دورخستنەوەی خوێنەران و ئەندامانی حزبە لە واقعی ئاڵۆزی رێکخراوەیی ئەگەر نەڵێم "چەواشەکردنیان".

دیارە ئەم سەرنجانەشم دیاریکراوە بۆ ئەو ئامرزانەی کە لە(ڕابردوو) دا بە کاردەهاتن بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ ( ئەوی دی) و کوتلە جیاوازەکانی ناو(لیژنەی محەلی حزب) لە سلێمانی.

لە ڕاستیا قورسە بۆ ئەندامێکی ئەم حزبە ، جورئەت بکات لە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەیەکی "لیبراڵ" گفتوگۆکانی لە (بواری رێکخستن) لەگەڵ ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکلابکاتەوە . چونکە ئەنداماን(کە بەندە زیاتر لە چارەکە سەدەیەك بەر لە ئێستا ئەو شەرەفەم پێبەخشراوە)، ناکۆکیەکانیان لە بواری ڕێکخراوەیی،لەبڵاوکراوەیەکی ناوخۆی نهێنی حزب بڵاودەکەنەوە کە ناوی (ژیانی حزب)ە .

دیارە بۆ ئەندامێکی بێئۆقرە و بێحەوسەڵەو خەمخۆری نێو حزب سەختە چاوەڕێی دەرچونی بڵاوکراوەیەکی" نهێنی" ناوخۆی وەك ژیانی حزب بکات ، بەتایبەتیش ئەم بڵاوکراوەیە کە کەسێکی وەك هاوڕی سوبحی مەهدی بەرپرس بێت لە دەرچونی،کە لە باشترین حاڵەتیدا سێ مانگ جارێ، " چاوو دڵمان ڕۆشن ئەکاتەوە".

بە داخەوە لە سەردەمی بەرپرسیارێتی هاوڕێ سوبحی، ئەم بڵاوکراوە نهێنیەش بە "نهێنی "نەمایەوە،لە فایلی یەکێك لە ئەندامانی کومیتەی پارێزگای سلێمانی حزبی شیوعی(لە ژمارەکانی پێشوی هاولاتی فایلەکەی بڵاوکراوەتەوە)، دەرکەوت هەندێ لە ژمارەکانی ئەو بڵاوکراوە نهێنیە ، خوێندنەوەی بۆ بەڕێوەبەری موخابەراتی پێشوی بەعس وەك رۆژنامەی" الیورە" ئاسان بوو، چونکە لە چەکمەجەی مێزەکەی سوبحی مەهدی دەدزرا و دەچوە شوعبەی 3ی موخابرات، مەکتەبی سیاسی و هاوڕێ خۆی ئەم حقیقەتە تاڵەباش دەزانن.

لە چاوپێکەوتنەکەی ژمارە 334 ڕووژنامەی هاولاتیدا، هاوڕێ وەك هەر سەرکردەیەکی کلاسیکی بارگاوی بە تێزەکانی" سەردەمی بەگداش" ، حزب بەو شەمەندنەفەرە دەشوبهێنێ کە بەردەوام کۆمەڵێك خەڵك دەچنە ناوی و ئەوانی تریش دائەبەزن، هاوڕێ سوبحی لەو ژمارەیەدا دەڵێ " ژیانی حزب وەك شەمەندەفەر وایە،سەرکەوتن و دابەزین هەیە".

شوبهاندنی وازهێنان ودورکەتنەوەی ئەو ئەندامە دڵسۆزانەی حزبی شیوعی ، بە دابەزین لە"شەمەنەفەر" ەکەی هاوڕێ سوبحی ،شوبهاندێکە لە تێڕوانینی موسافیرێك دەچێ کە لە پەنجەرەی "شەمەنەفرێك"ی تیژڕەووەوە تەماشای دونیا بکات ، کەلەم تەماشکردنە شتە جوانەکانیش وەك خۆیان جوان نایەنە بەرچاو .حەزم نەدەکرد ئەم موسافیرە ئەو بێت چونکە ئەو( شۆفێرو قائیدی شەمەندەفەرەکە بوو، نەك موسافیر .

وەلێ لەو کاتانەی کە خۆی "تاکە" سەرکردەی ڤیتارەکەی کۆمیتەی پارێزگا بوو تا گەیاندیە دوا وێستگە، کە کۆنفرانس بوو ، لە دەیان ویستگەی جیاجیادەبوو ڕامێنی، وڕاچڵەکی و بزانێ چی لە دەوروبەری دەگوزەرێ ، بەداخەوە ئەوەی کە پێویست بووە لە هەموو

وێستگەیەکدا ئەنجامی بدات ،نەیکردوە.

لە بەشێکی تری ئەو دیدارەدا، قسە لەسەر ئە هاوڕێیانە دەکات کە وازیان لە حزبی شیوعی هێناوە،کە هەموو هۆکارەکان بۆ شێواوی ژیانی حزبایەتی دەگەڕێنێتەوەو دەڵێ : خەڵك ئەمڕو حزبایەتی بە سەرچاوەی ژیان سەیر دەکات و لەلای ئێمە سەرچاوەی ژیان نیە.

بە داخەوە هاوڕی دیەوێ بڵێ سەرتاپای وازهێنان دورکەوتنەوەی هاوڕێیان پیوەستن بەوەی بەردەرگای محلی سلێمانیان لە هاوڕێ گرتووە بۆ دەبڵ ئەرزەو نان و موچە. ئەمە بەبێئەوەی باس لە جیاوازی بیروبۆچون و هزری ئەو کەسانە بکات ،کە بەشێکیان بە هۆی میکانیزمی سەقەت و ئیکسپایەری کاری ڕۆژانە وازیان هێنا ، هەرلە دەرکردنی بڕیارو جێبەجێکردنی ، تا شۆڕدەبێتەوە بۆ و ڕۆڵی شیوعیەکان لە ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی، ئەمانە هۆکاربوون نەك " سەرچاوەی ژیان ".

لە ساڵی 2003 یەکەمین مامەڵە کردنی" هاوڕی" لەگەڵ کۆمەڵی هاوڕێی گەنجی ناو ڕێکخراوەکان ، کە داوای چاکسازیان لە ناو شەمەنەفەرەکەی سوبحی دەکرد، خۆی بە شێوازی نادیموکراسیانە ڕای گشتی بۆ بڕیاری دەرکردنیان ئامادە کرد ، داواشی لەوان کرد یەکە یەکە نامەی پەشیمانی بنوسن ، ئەمەش وەك مەرجێك بۆ دەرنەکردنیان، ئەوسا حزب لێیان خۆشدەبێت ،ئەوان ئەم داوایەیان قبوڵ نەکرد (دەستیان خۆشبێت)،ئەویش بڕیارەکەی جێبەجێکرد...

سەلام عادلی سەرکردەی شیوعی کە کەسانی وەك سوبحی مەهدی کردویانە بە بتێك و لەپەرستگا دایانناوە ،(نەك کار بە فکری بکەن) ، لە ساڵی 1956تا کۆدەتای 8ی شوباتی بەعس سکرتێری ئەو حزبە بوو ، بە شەهادەی نەیارانی ئەو حزبە نەك دۆستەکانی ،لە ئاڵۆزترین دۆخی ڕێکخراوەیی و ململانێی نێوخۆیی بۆتە سکرتێر، ئەو کات حزب دابەش ببوو بەسەر 3 ڕەوتی جیاواز، (رایە الشغیلە)و(قاعیدە) و خۆشی لە سەرکردایەتی حزب ڕەوتێکی بەڕێوە دەبرد ، ئەم سەرکردەیە بە هاوڕێ ناڕازییەکانی نەووت یەکە یەکە وەك تاك مامەڵە لەگەڵ ئەندامانی ئەو سێ ڕەوتە ئەکەم ، بەڵکو ڕێزی بۆ جیاوازی دانا، بەوەی توانی لە کۆنفرانسێکی یەگرتودا ئەو ڕەوتانە یەکبخاتەوە، هاوڕێ سەلام حزبی وەك کیانێکی زیندوو تەماشا دەکرد، نەك شەمەنەفەرێکی مردوو.

شەهید سەلام داوای لە کەس نەکرد پاکانە پڕبکەنەوە، چونکە ئەیزانی پاکانە پڕکردنەوە سلوك و فەرهەنگی بەعسییەکانە ،کەسی دەرنەکرد،بە کەسی نەوت حزب شەمەنەفەرە، کامتان ئارەزوی دابەزینی هەیە دەرگاکان فراوانن بابفەرموێ.

هاوڕێ سەلام بە عەقڵی "حزب شەمەنەفەرە"، مامەڵەی لەگەڵ ژیانی نێوخۆو دیموکراسیەتی حزبی نەکرد بەڵکوو ڕێکخەرەوەی جیاوازی و ناکۆکی ئەو سێ کوتلەیە بوو، پاشان ئەوانیش لە سەرکردایەتیەکی بەکۆمەڵدا هموو شتەکانیان لەگەڵ هاوڕیدا بەشکرد لەپاڵەوانێتی ناو زیندان بەرنگربەنەوەی ئەشکەنجەدان و بە مەرگیشەوە، هاوڕێی ئازیز .

مامەڵەی تاکڕەوی و ڕێزنەگرتن لە زۆربەو پشتگیری کردنی لایەك لە دژی "ئەویدی" وازهێنانی ئەندامان خەسڵەتی ئەو ماوە زۆرە بوو کە هاوڕێ سوبحی بەرپرسیاری سلێمانی بوو.

چونکە بە بڕوای هاوڕێ سوبحی " حزب وەك شەمەندەفەر وایە" بوو ،بۆیە لە سەردەمی ئەودا ڕێکخستنەکانی حزب لە سلێمانی دابەش ببون بەسەر کۆمەڵێك (فارگۆن)دا، هەندێکی فەرامۆشکراوو بەدبەختکرابوون ، هەندیکی دیکەیان لە نازو نیعمەتدا بوون، هەندێك بێشەرمانە سەرقاڵی وەرگرتنی" بەرتیلی سیاسی" بوون ، هەندێکیش ئێواران دیناریکی ئاسنیان بۆ کرێی پاس پێنەبوو، فارگۆنێکیشیان پڕپڕ لە واژە واژ بۆ دەسکەتی تایبەتی دەگاتە فارگۆنی سەرکردایەتی شەمەندەفەرەکە" مەکتەبی محلی" کە لە ڕێگەی ئدامییەکیەوە جاسوسی بەسەر هەموو حزبەوە دەکرا.

ئا لێرەدا با بپرسین، ئا لەو دۆخدا ئەو ئەندامانە هەقی خۆیان نەبوو سەری خۆیان هەڵگرن ؟ هەقی خۆیان نەبوو لەعنەت لەو شەمەندەفەرەش بکەن کە ئەوانی گەیاندە ئەو وێستگەیە؟.

عەقڵی شەمەندەفەر و دیموکراسیەتی ناوخۆ، لە هیچ وێستگەیکی تێکۆشاندا یەکناگرنەوە ،گەر یەکیش بگرنەوە، ئەوا وەك شەمەنەفەرەکەی سالأنی سکرتێری هاوڕێ سوبحی لێدێت ، شوتی ڤیتارەکەی بێزارکەرو فارگۆنەکانی خنکێنەر و شوفێریکی بێئەزمون وبەردەوامیش جاسوسێك لە دەستەڕاستیەوە تەحەکوم بە بڕیارەکانیەوە دەکات، کە فایلی جاسوسیەکەی بە قەد کەلەسەری خۆی قەبەیە.